# هەرکەسێک سوێند لەسەر شتێک بخوات پاشان شتێکی باشتری بۆ دەرکەوت کە زیاتر لە خودا نزیکی دەکاتەوە؛ ئەوا با ئەوەیان جێبەجی بکات کە باشترینە لە ڕووی تەقوداریەوە

لە ئەبی تەڕیف عەدی کوڕی حاتەمەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «هەرکەسێک سوێند لەسەر شتێک بخوات پاشان شتێکی باشتری بۆ دەرکەوت کە زیاتر لە خودا نزیکی دەکاتەوە؛ ئەوا با ئەوەیان جێبەجی بکات کە باشترینە لە ڕووی تەقوداریەوە».
[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

لەم فەرموودەیەدا هاتووە: هەرکەسێک سوێندی خوارد لەسەر ئەنجامدانی شتێک یان وازهێنان لە ئەنجامدانی، و پێی وابوو پێچەوانەی ئەم سوێند خواردنە خێرتر وباشترە لە ڕووی تەقواداریەوە؛ ئەوا دەتوانێت سوێندەکەی بشکێنێت وئەوە ئەنجامبدات کە خێرترە، ئەمەش سونەتە (موستەحەبە) چونکە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ڕێنموێنی ئەنجامدانی کردووە، بەڵام ئەگەر ئەو شتەی سوێندی لەسەر خوراوە واجبێک یان حەرامکراوێک بێت وەکو بۆ نمونە سوێند بخوات لەسەر وازهێنان لە نوێژکردن یان خواردنەوەی سەرخۆشکەر؛ ئەوا لێرەدا واجبە سوێندەکەی بشکێنێت وئەوە ئەنجامبدات کە باشترە لە ڕووی تەقواداریەوە وبە مانایەکی تر دەبێت واجبەکان ئەنجامبدات ودووربکەوێتەوە لە ئەنجامدانی حەرامکراوەکان.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3054

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee